# نمونەی ئەو کەسەی کە زیکری پەروەردگاری دەکات وئەو کەسەی زیکری پەروەردگاری ناکات وەکو نمونەی زیندوو ومردوو وان

لە ئەبی موساوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نمونەی ئەو کەسەی کە زیکری پەروەردگاری دەکات وئەو کەسەی زیکری پەروەردگاری ناکات وەکو نمونەی زیندوو ومردوو وان».ولە ریوایەتی (مسلم)دا: «نمونەی ئەو ماڵەی کە یادی خودای تێدا دەکرێت، وئەو ماڵەی کە یادی خودای تێدا ناکرێت، وەکو نمونەی زیندوو ومردوو وان».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جیاوازی ڕووندەکاتەوە لەنێوان ئەو کەسەی کە یادی الله دەکات -سبحانه وتعالى- وئەو کەسەی یادی ناکات، وەکو جیاوازی نێوان زیندوو ومردوو وایە لە سوود وڕواڵەت وجوانیان، ئەوەی یادی پەروەردگاری دەکات وەکو زیندوو وایە کە ڕواڵەتی ڕازێنراوەتەوە بە ڕۆشنایی ژیان، وناخی ڕۆشنایی زانست تێدایە، وئەوەی یادی الله ناکات وەکو مردوو وایە کە ڕواڵەتی پوچە، وناخی پوچەڵە، وهیچ سوودێکی نییە. هەروەها ماڵ بە زیندوو وەسف دەکرێت؛ ئەگەر نیشتەجێبووانی یادی الله بکەن، ئەگەرنا ئەوا ماڵێکی مردووە چونکە نیشتەجێبووانی تەمەڵن لەئاست یاد کردنی الله؛ وەسفکردنی ماڵ بە زیندوو ومردوو مەبەست لێی ئاماژە کردنە بۆ نیشتەجێبووانی ماڵەکە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee